# لەگەڵ ئەبوبەکر وعومەر وعوسمان نوێژم کرد، وهیچیانم نەبیست کە (بسم الله الرحمن الرحيم) بخوێنێت

له ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەبوبەکر وعومەر -ڕەزای خوایان لێبێت-: نوێژیان دەستپێدەکرد بە خوێندنی (الحمد لله رب العالمين)». وله گێرانەوەیەکدا: «لەگەڵ ئەبوبەکر وعومەر وعوسمان نوێژم کرد، وهیچیانم نەبیست کە (بسم الله الرحمن الرحيم) بخوێنێت». وله گێرانەوەی (مسلم)دا: «لە پشتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەبوبەکر وعوسمان نوێژم کرد: نوێژیان دەستپێدەکرد بە خوێندنی (الحمد لله رب العالمين) و نە لە سەرەتا ونە لە کۆتادا (بسم الله الرحمن الرحيم)یان نەدەخوێند».

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات لە ماوەی هاوەڵبوونی لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵانی جێنشیندا (خەلیفەدا) هیچ یەکێکیانی نەبیست کە (بسم الله الرحمن الرحيم) بخوێنێت لە نوێژدا، نە لە سەرەتا ونە لە کۆتایی نوێژدا، بەڵکو نوێژیان دەستپێدەکرد بە خوێندنی (الحمد لله رب العالمين)، وزانایان ناکۆکن سەبارەت بە خوێندنی (بسم الله الرحمن الرحيم) وخوێندنی بە دەنگی ئاشکرا لەسەر چەند ڕایەک، وپەسەندترین ڕای زانایان ئەوەیە کە دەخوێندرێت بە نهێنیەوە لە پێش خوێندنی سورەتی -الفاتحة- لە هەموو ڕکاتێکی نوێژدا جا ئەگەر نوێژەکە بە ئاشکرا یان بە نهێنی قورئانی تێدا بخوێندرێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3327

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee